چیرۆك



# خانەنشین

chalakmuhamad@gmail.com

سلام مەنمی

بەرەو فەرمانگەی خانەنشینی کەوتمە ڕێ، بۆ ئەوەی بچمە لای ئەحمەدی زاتیەو سۆراخێکی ئیشەکەم بۆ بکات، دوای ئەویش مانگانەکەم وەر ئەگرم و بە تیریَ دوو نیشان دەشکێنم.. لە ڕێوە چووە لای ئەحمەدو بەرزە پێ هەستاو وتی:

ـ فەرموو سەرچاوم هاتی، ئەوە چۆن بوو ڕێت هەڵەکردو قوتابی خۆت بە سەرکردەوە..؟ هەموو مانگێ ئەتبینم ئەچیتە لای ژمێریار مانگانەکەت وەرئەگری.. بە ئاواتەوە بووم جارێك لا بدەیتە لای قوتابی خۆت و ئێمەیش دڵمان پێت ئەکرێتەوە. وا ئەمجارە ئاواتەکەم هاتە دی.

ـ ئەوە پیاوەتیو بە ئەمەکی خۆتە..

ئەوەی وت و کەوتەوە قسەکردن و وتی:

ـ ماوەیەکە خێزا ئەکەم دەیەوێ خانەنشین بکرێو ئیشەکەی لیرەیە، ئیتر نازانم لای جەنابتە یان لای یەکێکی ترە، هەرچۆنێ بێ لەباتی مامۆستای خۆت و بە ئەرك ئەبێ بۆمان ڕاپەڕێنەو بۆمان بێنەرە قوڵە..

هەندێ سەری خوران و بەساردییەکەوە وتی:

ـ مامۆستا ئیمرۆ ئیشی خۆمان هەیەو بەڕێوەبەر وتی:- ئیشی دەرەوە بووە ستێنن.. ئەوەی وت و دەستی دایە-تەلەفۆنەکەو وتی:

ـ هەلاو.. فەرمووت ئیشی دەرەوە نەکەین.. بەڵێ بەڵێ... وا دێم..

ـ خۆ خۆت گوێت لێبوو.. بۆ دڵنیایی تۆ ئەو تەلەفۆنەم کرد.. منیش گاڵتەم بە هەڵس وکەوت و قسەکانی دەکردو لای خۆمەوە وتم:

وتەمەیە دەڵێن:- یەك ساڵە دوو ساڵەی خەڵەتان - من بە پیاوی وا ناخەڵەتێم ودەزانم خۆی تەلەفۆنی بۆ خۆی ئەکرد.. با هەستم باشە وەڵامی خۆپەرست بێدەنگییە..) ڕێی قاتی سەروم گرتە بەرو گەیشتمە پێپلیکەکان و سەیرم کرد، برایەك زەلامیکی کەتەی بە کۆڵیا داوە لە ژێریا تقە نفێنیو ئارەقی شین و مۆری دەردەوەو ناشکوریو گلەیی لە بەختی خۆی دەکات و دەڵێ:

ـ لە بەختمانەو ئەبێ هەموو مانگێ ئەم بیتاقە یەم بۆ دەرچێو ئەم تەوقە شان و ملم شێلێ، ئەمە ژیانە، دەی بە مەرگەمووش بێ؟ نەخۆشەکەیش ملی بەسەر شانی ڕاستیا شۆڕکردبوەوەو کەفی ئەچان و کەفەکەی بەسەر ملیا هاتبوە خوارێ..

منیش پێم وت:

ـ ناکرێ ئەچیتە سەرەوە...؟

ـ ئەخێر دەڵێن نابێو نەکراوە، ئێریش ئاگای لە برسی نییە.. لە دەرگای ژووری ژمێرباردا دایناو گۆچانەکەی دایە دەستیو وتی:

ـ خۆت بگرە..

بەڵام خۆی پێ نەگیراو بە دەما کەوت و وتی:

ـ گۆچانەکە ئەخزێو خۆم پێ ناگیرێ.

ئەویش هەڵیگرت و لە کۆڵی کردەوەو وای دەزانی دڵی نەرم دەبێو دەڵێ جارێکی تر با نەیەتە سەرەوە، بەڵام ئەوەی لای ئەو خەیاڵ بوو لای ژمێریار بەتاڵ بوو، بە روویەکی گرژەوە وتی:

- داینێ با پەنجەی پیانێ.

- خۆی پێ ناگیرێ..

- مانگانە بۆ خۆی وەردەگرێ خۆ ئەمان ناردووە بە شوێنیا..

- راستە مانگانە بۆ خۆی وەردەگرێ، بەڵام هەیشە لیستەو پارەکەی بۆ دەچێتە ماڵەوەو بە کۆڵ نایەت بۆ ئێرە.. ویژدان باری کردوە.

- هەرکەس دێ باسی ویژدان دەکات و فێری ئەم قسە زلە بوون و پوولێکیش ناهێنێ..

- لای پیـــاوی خۆی ملیـــارەهـــا دێنێو نرخی لە ژماردن نایـەت..

پارەکەی بۆ فرێداو رووی وەرچەرخان.. ئەویش ئەخۆشەکەی کۆڵ کردەوەو لای خۆیەوە وتی: (دیارە گورگیان کردوە بە وەکیلی مەڕ..)

دوای رۆیشتنی ئەوان منیش بە ژمێریارم وت:

- ئەمە دەوای هەق نییە، مەگەر من بزانم ئەو زەلامە ئەو هەزارەی چۆن سەرخستە سەرەوە هەق وایە ژمێریار لە قاتی خوارەوەبێو ئەگەر جێگە نییە با بەڕێوەبەر لەسەرەوە بێ..

- جارێك بە بەڕێوەبەرم وت، ئەویش بێ سێو دوو وتی:- ئەتەوێ خۆت لە خوارەوە بێو هەنـــاســـەبــڕکێی پێلکـــەکانیش تووشی من بکەیت و ئەو خورمای تۆ خواردوتە ناوکەکەی لە گیرفانی من دایە..

بە سکەخشێش بێ ئەبێ لە سەرەوە پارەکەیان وەرگرن.. منیش لای خۆمەوە وتم: «هـەردووکیـان یەکتری باش ئەنـاسن و خۆیـان ئەبێ کەسیان ناوێو خۆیشیان شێرو تیر لەیەك ئەسوون...)

- با واز لەوانـــە بهێنین، ئێستـــا چوو مەلای ئەحمـەد - ی زاتیـە، بۆ ئەوەی سۆراخی ئیشێکم بۆ بکات، لە وەڵامدا وتی:

- مامۆستا بە ئەمری بەڕێوەبەر ئیمرۆ ئیشی فەرمانگەی خۆمان ئەکەین..

- بەراستی وای وت..؟!

خۆ درۆ ناکەم.

- باسیر بخوات و زورنا لێدا، ئەو قسەیە دەستکردی خۆیەتی..

بەڵام بۆی هەیە درۆ بە دەم بەڕێوەبەرەوە بکات و چەند جارێ شتی وای کردوەو ئاگام لێیەتی نهێنی زۆری لای منە.. ئێستا ئەچین، با ئەو پیاوە نەیکات..

پێش ئەوەی هەستین پێم وت:

- بڕوا بکە ئەو ئەحمەدە - بندەسی بەدەرەوە بوو، هەستام لە مامۆستاو قوتابی پارەم بۆ کۆ کردوتەوەو پۆشتەم کردوتەوە..

هەستاین و چووین.. وەك ئەوجا هەستاو چەرداوە رووانە رێی:

- مامـــۆستـــا ئەوە لە کوێ بوویـــت..؟ زۆر چاوەڕێـم کردیو وتم ئیشـەکـەت بۆ جێبەجێ بکـەم.. تۆ مامـۆستـاو بەخێـوکـەری منیو پیـاوەتی تۆم هەر لەبـەرچـاوە.. پێـویستیشی نەئەکرد جەنابی ژمێریار لەگـــەڵ خۆت بێنێو ئازاری بدەیت و ئیشـــە کەت هەر ئەکرێ وەك ئەڵێن:- ئەوتی کەوتە دار هەر دێتە خوار..

ژمێریار بە تەوسەوە پێی وت.

- باش پاداشی مامۆستاو بەخێوکەری خۆت دایەوە قسە زلەکانت تەڕە تۆڵەکەیان ناگاتێو تەپلی بێعاریت کوتاوە..

- شانازی پێوە ئەکەم و ئیشەکەی لەسەر سەرمە..

هەستـــاو ژوور بە ژوور گەڕاو ئیشـەکـەی تەواو کردو دایە دەستم، منیش لای خۆمـەوە وتم..(هـەر شەق دەزانێ قۆناخ لەکـوێیـە..)

هەستاین و ژمێریار وتی:

ـئیشێکم پێتە.. ئەگەر نە هاتیتایە بۆ ئێرە ئەهاتم بۆ ماڵەوە..

- منیش وتم..

- فەرموو.. خێرە..؟ ئیشێ بە من بکرێ بەسەرچاو..

قەڵەمەکەی هەڵگرت و ناوێکی نووسیو دایە دەستم و وتی:

- ئەم ناوە قوتابی (شیروان)ی ئامۆزاتە ئەبێ دەرێچێنی..

- من پێوتنم لەسەرە، ئەویش ئەگەر نمرەکەی یاخی ئەبێ بە قسەم دەکات..

- من یاخیو ماخی نازانم، چۆن من هەستام ئیشەکەم بۆ جێبەجێ کردی ئاوایش ئەمەوێ ئەو دەرچێ.. ئەحەی زاتیە وێرای بلێ - لەل..؟

- پێوانەی ئیشەکەی من و تۆ پێوانەی کەشکن لە مەشك و دوورن لە یەکەوە.. ئەو قوتابییە کوڕی من بێ بەکەس ناڵێم و پاشەرۆژی لێڵ ناکەم..

- هەقی خۆتەو من خۆم بۆ بۆرە پیاو..

ئەوەی وت و خۆی جینگڵ بۆز کردو رۆیشت.. منیش وتم..

- خواحافیز..

بەڵام گوێم لە وەڵام نەبـــوو.. ملم ناو رۆیشتم وتم: (هـەمـوویـان تەختەی یەك دارن و بە موو جیاوازییان نییە..)